# ئاشکراکردنی کلاوە ئەتۆمیەکانی رژیم، لەلایەن شورای میللی موقاوەمەتی ئێران



رۆژی سێ شەممە۲ی رەزبەر، شورای میللی مقاومەتی ئێران لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی لە ویەن پێتەختی ئوتریش هەوڵەکانی رژیمی ئاخوندی بۆدانانی کلاوەی ئەتۆمی سەر مووشەکی شەهابی ۳ و کەڵك وەرگرتن لەوکۆمپانیایانەی بەناوی نهێنی کار بۆ تەواو کردنی گەڵاڵەی دروستکردنی کلاوەی ئەتۆمی دەکەن، ئاشکراکرد و زانیاری تەواوی دا بە هەواڵنێران و بڵاوکراوەکانی نێودەوڵەتی دا. دوکتور عەلی سەفەوی ئەندامی کومیسیۆنی دەرەوەی شورای بەرگری نیشتمانی ئێران لەو کۆنفرانسەدا کە لەساڵۆنی (لنتمتن) لە پێتەختی ئوتریش وەڕێ خرا، گوتی: بەپێی زانیاری باوەڕپێکراو لەلایەن ئەندامانی موجاهیدین لە ناوخۆی وەڵات، رژیمی ئاخوندی لە ۲ ساڵ بەر لە ئێستاوە بەگەرمی پرۆژەی وەدەست خستنی کلاوەی ئەتۆمی سەر مووشەکەدوورهاوێژەبالستیکیەکانی دەست پێکردوە. رژیمی ئاخوندی چەندین کۆمپانیای بەناوی خوازراوەوە بە مەبەستی دابین کردنی پێداویستیەکانی ئەو پرۆژە و هەروەها شاردنەوەی لە پشکێنەرانی ناوەند و بەدوور گرتن لە ئابلۆقەی نێودەوڵەتی دامەزراندوە. یەکێك لە کۆمپانیا سەرەکیەکان کە لەو پرۆژەیەدا کاردەکا کۆمپانیای (موهەندیسی فن اوری نوین اسری)یە. رژیم لە بانەمەڕی ساڵی ۱۳۸٦ وە بۆ پێشگرتن لە ئاشکرابوونی ئەو کۆمپانیە، ناوی گۆڕیوە بۆ کومپانیای پەرەپێدانی فەن ئاوەرانی هەوا پایە. ئەو کۆمپانیە لەبارەی گەڵاڵە ڕشتنی کلاۆەوە و باقی بەشەکانی مووشەك و هەروەها کڕین و فرۆشتنی کەل وپەلی پێویست بۆ پرۆژەی کلاوەی ئەتۆمی بەشێوەی قاچاخ لە باقی وەڵاتان کاردەکات. دەیان تایبەتکاری بەشەکانی جۆراوجۆری پێوەند بە گەڵاڵە دارێژی کلاوە و هێندێك لە بەرزترین لێپرسراوانی سەربازی و پیشەسازی نیزامی لەو کۆمپانیایەدا سەرقاڵی بەرهەم هێنانی مەوادی پێویستی ئەو پرۆژە، بەشێوەی قاچاخن. عەلی سەفەوی ناوی بەرێوەبەرانی سەرەکی پرۆژەی وەدەست هێنانی کلاوەی ئەتۆمی ئاشکرا کرد و زیادی کرد یەکێکی دیکە لەو کۆمپانیایانەی کە لەبارەی لێکۆڵینەوەی موشەکی و کلاوەی ئەتۆمی کارایە، شیرکەتێکە بەناوی پەرەپێدانی فەن ئاوەری. لێپرسراوی پرۆژەی کلاوەی ئەتۆمی بەشێوەی گشتی کۆمپانیای پەرەپێدانی فەن ئاوەری هەوا پایە بەناوی "فشارك". ناوبراو ماوەیێکی زۆرە سەرۆکی ناوەندی بارهێنان و بەدواداچوونی سازمانی هەوا و فەزایە کە لە ئورگانەکانی وەزارەتی دیفاعە و دەستی لە دروستکردنی موشەك دا هەیەو نیزیك بە دوو ساڵ بەرلە ئێستا نێردراوە بۆ ناوەندی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی لە باکوری رۆژهەڵاتی تاران. گەڵاڵەی فشارەکی، دامەزراندنی کلاوەی ئەتۆمە کە لەسەر مووشەکەکانی شەهابی ۳ و قەدر دەبەسترێ. فشارەکی لە پیشەی کاروباری پیشەسازی ناسراوە بە عەلیرەزا نووری، لە تاقمی پیشەیی هیمەت لە ناوچەی خەجیر کە تایبەتە بە دروستکردنی کلاوەی موشەکی بالستیك، پرۆژەی بەرهەم هێنانی کلاوەی ئەتۆمی دادەڕێژێ. ئەو شوێنە هەڵکەوتو لە بەرزی ۱۷۲۱ی باکوورە وبەپێی راپۆرتەکانی گەیشتو لە وناوەندە تونێلی گەورەی ژێر زەوی هەیەو شوێنی ئەو سایتە لەلایەنی دابەش بوونی زەوی ناوچەی خەجیر، بە کۆدی B۱ ناسراوە. لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆنفرانسە، سەفەوی بە راشکاوی گوتی: کە کارناسانی کورەی باکوور یارمەتی جیددی بە پێشەوەچوونی پرۆژەی موشەکی بالستیکی رژیمی ئاخوندی کردووە. شارەزایانی کورەی باکوور لە بەشی ئێرودینامیك و هەروەها شێوەی دەرەوەی موشەك یارمەتی رژیم ئەدەن. بەشێك لەو پسپۆرانە بۆ ماوەیێکی کورت لە ئێران دەمێننەوە و بەشێکی دیکەشیان بۆدرێژماوە. جیاواز لەو کارانە، گەڵاڵە موهەندیسی سایتی هیمەت و تونێلەکان و ناوەندی شاراوەیان بۆ رژیم دامەزراندوە. سەفەوی هەموو بەشەکانی ناوەندی دروستکردنی کلاوەی ئەتۆمی و موشەکی بالستیکی رژیمی لە ناوچەی خەجیری تاران ئاشکراکرد. ناوبراو گوتی: ناوچەی خەجیر لە باشوری رۆژهەڵاتی تاران، شوێنی بەرهەم هێنانی موشەکی بالستیکی ڕژیم یەك لە وان موشەکی شەهابی سێیە. ئەو موشەکانە توانای هەڵگرتنی کلاوەی ئەتۆمیان هەیە و کارایی ژمارەییکیان دەگاتە ۲۰۰۰ کیلۆمیتر. سازمانی هەوا و ئاسمانی رژیم خاوەنی حەووت تاقمی پیشەسازی جۆراوجۆرە و بەشەکانی بەرهەم هێنانی سێ تاقمی ئەوە، یانی تاقمی پیشەی هیمەت و تاقمی پیشەیی باکری و بەشێکی کەم لە پیشەسازی یا میهری لە ناوچەی خەجیر هەڵکەوتون. لە درێژەی کۆنفرانسی چاپەمەنی شورای میللی مقاومەتی ئێران لە ویەن راگەێندرا کە ناوەندی فەرماندەیی تاقمی پیشەی هیمەت لە ناوچەی حەکیمیە لە باکوری ئوتوبانی بابایی و کۆمپانیای ئەو پیشەسازیە لە باشووری ئوتوبانی بابایی لە ناوچەی خەجیر هەڵکەوتووە. تاقمی پیشەی هیمەت کە بەهۆی شاراوە بوونی بابەتی کارەکەی، کۆدی بۆ داندراوە، هەڵگری بەش گەلی خوارەوەیە.

الف _ پیشەیی کەهوڕ بە کۆدی ۱۵۰۰ تایبەت بە لانچر (سیستمی هاوێشتن).

ب _ پیشەیی کەریمی کە بە کۆدی ۲۵۰۰ ناسراوە، بەشی زنجیری ئاوری موشەکە.

ج _ پیشەیی چراغی بەکۆدی ۳۰۰۰ پێوەندی بە دروستکردنی سوتەمەنیەوەیە.

د _ پیشەیی رستگار بە کۆدی ٤٥۰۰ پێوەندی بە دروستکردنی موتوری موشەکەوە هەیە.

ه _ پیشەیی وەرامینی بە کۆدی ٦۰۰۰ پێوەندی بە بەشی دروستکردنی نیشانەگیری و کۆنترۆڵەوە هەیە.

و _ پیشەیی موەحەد کە بە کۆدی ۷۵۰۰ ناسراوە، دروستکردنی لاشەو مونتاژی کۆتایی موشەکە.

ز _ پیشەیی نووری بە کۆدی ۸۵۰۰ ناسراوە و پێوەندی بە دروستکردنی کلاوەی ئەتۆم هەیە. هەستیارترین بەشی کۆمەڵەی ناوبراو پیشەی (عەلیرەزا نوری بە کۆدی ۸۵۰۰ کە کارەکەی دروستکردنی کلاوەیە بۆ موشەکی شەهاب). بەشی کۆتایی دروستکردنی موشەك لە پیشەی ناسراو بە پشەسازی موەحەد بە کۆدی ۷۵۰۰. شوێنی ئەو سایتەیان بە کۆدی B۲ئاشکرا کردوە. ئەو پیشەسازیە لە گەورەترین تونێلی کۆمەڵەی خەجیر هەڵکەوتووە.

***

# رۆژی جیهانی منداڵان و دەرفەتێك بۆ ئاوڕدانەوە لە ژیانی ۳۰۰ میلیۆنیان

بێهرۆز



منداڵان کە داهاتو دروست دەکەن و ژمارەییکیان دەبنە بەڕێوەبەری کۆمەڵگا، لە زۆربەی وەڵاتان دا لەوپەڕی چەوساندنەوە و کاری قورسدان. یەکەمین قوربانین لە جیهانی پڕ لە نابەرانبەریدا و لە هەموو لایێکەوە مافەکانیان بەشێوەی سیستماتیك پێخوست دەکرێ. لە وەڵاتە فەقر لێدراوەکان بەهۆی سیاسەتی دەسەڵاتە ملهوڕەکان، جیاواز لە بەهرە وەرگرتنی کاری لە منداڵان، دەبنە دەستە چیلەی زۆرێك لە خەڵکانی نەفس نزم و بۆ گەیشتن بە مەرامە نەخوازراوەکانیان کەڵکیان لێ وەردەگرن. لەبەر دارمانی ئابوری وەڵاتانی جیهانی سێهەم و لە حاڵی گەشە، رێژەی منداڵانی سەرشەقام رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی بەرز دەبێتەوە بەشێوەیێك کە زۆربەی رێکخراوەکانی پارێزەری مافی منداڵ و مرۆڤ دۆست لە رۆژی جیهانی منداڵان دا وریاییان داو جیهانیانیان لەو دیاردە ترسناکە ئاگادار کردوە. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان بەپێی سەرژمێرییێك کە ساڵی ۱۳۸۵ کراوە، دەرکەوتوە کە لەکۆی سێزدە میلیۆن و دوسەد و پەنجاو سێ هەزار منداڵی تەمەن ۱۰تا ۱۸ ساڵ، سێ میلیۆن و شەش سەد هەزار منداڵ لە خوێندن بێ بەشن و میلیۆنێك و حەوت سەد هەزاریان کاری قورسیان پێ دەکرێ و لەو ژمارە یەك میلیۆن و شەش سەدو حەفتا هەزار لەو منداڵانەن کە کاریان پێ دەکرێ، کە ۳/۱۹ لەسەدی ئەوانە کورن و لەکۆی ئەوانە ۳۷۰ هەزاریان کچی ۱۰تا ۱۸ ساڵن. بەپێی ئامارە رەسمیەکان لە ئێران مانگانە ۱۰۰تا ۱۵۰ منداڵی سەرشەقام بەهۆی کاری قورس و دەستدرێژی جنسی گیان ئەدەن. توندوتیژی بەردەوام لەسەر ئەو منداڵانەیەو بوونەتە کاڵایێك بەدەست قاچاخچیان و خەڵکانی بێ دەربەست بە مرۆڤایەتی. بەپێی سەرژمێری جیهانی یونسێف ۲۵۰تا ۲٦۰ میلیۆن منداڵی کرێکار لە سەرانسەری جیهاندا هەن.ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لە ماڵ و ژێر زەویەکان دا کاردەکەن، سەرژمێری جیهانی یونسێف نایانگرێتەوە و پێ دەچێ ئەو ژمارەیەی یونسێف بڵاوی کردۆتەوە، نیوەی ئەو ژمارە بێ کە هەیە. بە ئاوڕدانەوە لە دیاردەی چەوساندنەوەی منداڵان لەپێناو تێرکردنی حەزی گەیشتن بە ئاوات و ئارەزوە چەپەڵەکان، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو وەڵاتانەی دیکتاتۆر لێ دراوون و دەسەڵاتداران لە هەوڵی مانەوەیاندان، بەشێوەی بەربڵاو ئەو دیاردەی تێدا باوە. ئێران کە ئابوری دارماوە، بەهۆی نەبونی پلان و بەرنامەی کاری میلیۆنان نەفەر بێکار بوون، خانەوادە کەم داهات و بێ کارەکان، منداڵەکانیان دەنێرنە بەر کارو تەنیا لەبەر ئەوەی برسی نەبن و هەرچۆنێك و لە هەر رێگەیێکەوە بێ پاروە نانێکیان دەست کەوێ. نەبوونی یاسای کار بۆ منداڵان لە ئێران وای کردووە خانەوادەکان بەهرە لە منداڵانیان وەربگرن و بیاننێرنە بازاڕی کارەوە. بازاڕی کاریش بۆ منداڵان بازاڕێکی ئەوتۆ نیە کە رەحم و بەزەیی پێیان دا بێتەوە، بەڵکوو بەبێ گوێ دانە تایبەتمەندیەکانی منداڵ کاریان لێ دەکێشن و بۆشاییە بەرینەکانیان پێ پڕ دەکەنەوە. لە ئێران رێکخراوی منداڵ پارێزیی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، مەودای کاریان پێ نادرێ و لەگەڵ دەیان کۆسپی کارکردن کە لەلایەن رژیمەوە بۆیان دروست دەکرێ بەرەوڕوون. کارنەکردنی رێکخراوی منداڵان و بەربەست دروستکردن بۆ پارێزەرانی مافەکانیان، بۆتە هۆی ئەوە کە هیچ سنورێك بۆ کڕوسانەوەی منداڵان نەبێ و خاوەن کاران بە ئیشتیای خۆیان کاریان پێ بکەن و کەسانی نەفس نزم و هەل پەرەست بەردەوام بن لە چەوساندنەوەی منداڵ و جینایەت بەرانبەر بە پەپولەکانی جیهان. لە ئێراندا بەهۆی سیاسەتی شەڕخوازانە و برەودان بە بیری چەوتی خومینی، ئابوری ئێران فەلەج بووە، و زۆربەی خەڵکانی ئێران تووشی گرفتاری و لەگەڵ دەیان قەیرانی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بوون. قەیران و گرێ وگۆڵەکانی بەردەم کۆمەڵانی بەش مەینەتی ئێران، کاریگەری زۆری لەسەر باری ژیانی منداڵان داناوە و ئەم سەردەمە بۆتە نەشیاوترین بارودۆخ بۆ منداڵانی ئێران و ئەگەر لەمپەرێك دروست نەکرێ لە بەرانبەر پەرەگرتنی دیاردەی منداڵانی سەر شەقام و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئەو چینە، داهاتوییێکی رەشتر لە ئێستا چاوەڕێی زۆرێك لە خەڵکی ئێران و کوردستان دەکا.

***

## درێژەی ڕاگەیێندراوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە سەر ترۆری مامۆستایانی ئایینی لە کوردستانی ئێران

دەسەڵاتی ئاخوندی و ناڕاستیەکانیان دەدوان.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەگەڵ مەحکوم کردنی ترۆری مامۆستایانی ئایینی مەلا ئەبووبەکر تینا و مەلا ئەبووبەکر قادریانی، لە مەهاباد و پیرانشار ، و هەروەها زۆرهێنان و ئازاردانی مامۆستایانی ئایینی لە شارەکانی دیکەی کوردستان، و تێکڕای شوێن کەوتووانی مەزهەب و بۆچوونەکان لە ئێران، داوا لە مامۆستایانی ئایینی ئیسلام دەکا، هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لە بەرانبەر دەسەڵاتی ملهوڕ و خۆسەپێن و دژ بە مرۆڤایەتی و دژ بە ئیسلامی ویلایەتی فەقیٚ زیاتر بکەن.

گوومان نیە مامۆستایانی ئایینی دەتوانن دەوری کاریگەرتریان لە خەبات و خۆڕاگری تێکڕایی لە بەرانبەر دەسەڵاتی ئاخوندیدا هەبێ و لە رێنوێنی کردن و سازدانی جەماوەری کوردستان و هاونیشتمانی کوردی موسوڵمان لە رووبەروو بوونەوەی دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندیدا هەبێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پشتیوانی و هاوکاری هەمەلایەنەی خۆی بۆ مامۆستایانی ئایینی تێکۆشەر و شۆرشگێڕ و تێکڕای ناوەندە روناکبیری و مەدەنیەکان کە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و دیموکراسی و دابین کردنی مافەکانی گەلی کورد و ماف و ئازادیەکان بۆ تاك و چین و توێژە جیاجیاکان تێ دەکۆشن ڕادەگەیێنێ و باوەڕی وایە رژیمی ملهوڕی ئاخوندی لە ناوچوون و رووخان چارەنووسیەتی و لە هەمان کاتیشدا ئازادی و دەسەڵاتێکی دیموکراتیك و پارلمانی لە ئێران دا جێگیر دەبێ و گەلی کوردیش لە سایەی ئازادی و دیموکراسیدا بە مافەکانی دەگا.

سڵاو بۆ رۆحی مامۆستایانی ئایینی شەهید و مامۆستایانی ئایینی تێکۆشەر و ئازادیخواز و پێش کەوتوو و تێکڕای هۆگرانی ئازادی و مافی یەکسانی

کۆمیتەی ناوەندی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

۱۳ی ڕەزبەری ۱۳۸۷ـ ٤ی ئۆکتۆبری ۲۰۰۸

***

## درێژەی بەرێوەچوونی پلنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بەرێز سکرتێری گشتی باسی وەزعی سیاسی عێراق و کێشە و ئاڵۆزیەکان لە نێوان نەتەوە و مەزهەبەکان و رێنەکەوتنی نەتەوە و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی بە زیانبار زانی، و بەشێکی زۆر لەو ئاڵۆزی و کێشانەی کە لە عێراقدا روو دەدەن، بە دەستێوەردانەکانی رژیمی ئێران و دەست و پێوەندەکانی ناوبرد.

لە سەر وەزعی ناوخۆیی و هەڵسووڕانی ئورگانەکانی سازمان، سکرتێری گشتی چەندین پێشنیاری کرد و بڕیاری پێویست لە پێوەند بە کار و هەڵسووڕانی ئورگانەکانی سازمان لەلایەن پلنۆمەوە پەسەند کرا.

لە درێژەی کاری پلنۆم دا، کومسیونەکان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سازمان رەخنە و پێشنیاریان لە پێوەند بە کار و هەڵسووڕان لە پلنۆمی چوارەم تا پلنۆمی پێنجەم خستە بەر باس.

چەندین باسی دیکەی گرینگ لە دوو رۆژی کاری پلنۆم دا هاتنە گۆڕێ و بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستیان لە سەر درا.

پلنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران رۆژی چوار شەممە ۱۷ی ڕەزبەری ۱۳۸۷ی کۆچی خۆری ـ ۸ی ئۆکتۆبری ۲۰۰۸ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆمیتەی ناوەندی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

۱۹ی ڕەزبەری ۱۳۸۷

۱۰ی ئۆکتۆبری ۲۰۰۸

***